# ئەم گوڵە لەکوێ بنێژم؟

(١-٢)



فەلەکەدین کاکەیی

**(١)**

ڕۆحی من گوڕستانی گوڵان نییە بیاننێژم.

پەروەردگـار لە ڕۆحـدا فـیـردەوسی بەرینی ڕاخستووە.

جێگەی گشت گوڵانی تێدا دەبێتەوە.

تۆی گوڵی تازە، لەچەقی ڕێگەم ڕواوی... ناتنێژم.

چەندین عـەشقی ناکامم ناشتووە. گۆڕستانی عەشقەکان لەپانتایی ئەرز گەورەترە..

هەر عـەشقێک سەوز بووەوە، داربەڕوو، هەنار، گـوڵەبەرۆژە، ڕەیحـانەو مـێـخـەکی تەڕوتازەیان دەرهێنا.

مێخەک

مێخەکی وشکەوبووی مەستیهێنەر.

تۆ پەیامهێنەربووی، کۆڵی مێخەکت هێنا من لە پێناوی مـێـخـەک و عـەشـقـا ناژیم من لە عەشقدا ئەژیم. من خودی عەشقم.

**(٢)**

باکم نیـیـە بمزڕێنیێ. ئەزانم خـۆم، بەر لەناوم زڕاوم. لەمێژە منیان زڕاندووە. مەترسە تۆیش تەڵە ڕەحیـانی خۆت بهاوێژە بڵێ: ئا ئەوەتا! تا بمناسنەوەو بەرەو سێدارە ڕامبپێچن باکم نیـیـە. لەمـێـژە کـۆسی ڕیسـواییم لێدراوە. نەتبیستوە؟.. کە جارێکیان منیـان گرت و بەرەودوا سـواری کـەریان کـردم و خـۆڵەکەوەو دۆیان بەسەرمانا ماڵی؟!

دەستووری عەشقەکە هیچ نەدرکێنی..

مەنسووری هەلاج تاکە وشەیەکی فاشکرد، بە فاشگار ناویان برد، بەرەو دادگا ڕایانکێشا. قازی ووتی و... بوختانەکانی بەسەر هەلاجدا هەڵڕشت. ئەو هەر دەیگوت: منم هەق!

هەر عاشقێک خۆی بەتەنێ هەقدارێ دەزانی! ئێستا، وا دەزانم من تەنێ نیم.. دەفامم کە هێشتاش من عاشق نەبوومە. نەفام و کرچ و کاڵم. هەی هاوشیرەی ڕۆحم. ئاخر من لەکوێ فێری عەشق بم؟

من و جـەسـتـەو ڕۆح و، جـمکی ڕۆح و هاوزادم. کە زەردەی ئێواران بەیەک دەگەین، نازانم...من کامەیانم؟ کامەیان منم؟ ڕۆحم یا جەستەم؟ جمکی ڕۆحم یا هاوزادم؟

پێکەوە، ئاوێتـە بووینە لەپەنای داربەڕوودا کـۆر دەبەسـتین. ناشـفـامم من کـامـەیانم؟ کامەیان منم؟

تا تۆکـەیشتی هەمووان بۆ پێشوازیت هاتن ئیتر ئەوەتا تۆیش لەوێی

گوتت: گـوناهی تۆ نییـە، لەسارای هەستیدا سەرسام داماوی ئەوەش من بووم.

گوتم: مەیدرکێنە! ئەو نهێنیە قووت بدە وەرە لەفـیردەوسی ڕۆحـما بینێژە ئیـتر بارهەڵگری عاشقانم.

گاڵتەت بەمن دەهات پشتت لێکردم. ویستت بڕۆی گـوتم: بڕۆ! لێ هەمـووان ببـە.. من و جەستەو ڕۆح و جمکەکەی و هاوزادەکەم. بارم سـوک بکە. بیـانبـە. دەمـەوێ تۆزێک لە (نەمانی) دا بمێنمەوە. ئای چەند خۆشە! لەوێ فریشتەکان چاوەڕوانن.

گوتت: دێوانە! خۆتۆفریشتە نیت، نەبوویتەو نابی بەو فریشتەیە بڕۆ لەوێش من دەبینی.

**(٣)**

من چبکەم؟

بەگوشاری تەوژمی عەشق لێوم تەرەکیوەو، قەترە قەترە (دەدرکێنێ).

ئەوە جـومـبـوتی گـوڵانن، بەگـوشـاری عـەشق دەپشکوێن.

گـــوڵە بەڕۆژە بەیانیــــان زوو چاو هەڵدێنێ، دەیبڕێتە هەتاو، لەئاسۆی ڕۆژهەڵاتەوە تا ئاسۆی ڕۆژاوا بەشوێن خـۆرا، بەتیشکی چاو ئاسـمـان دەپێوێ.

گـوتت: ئەوەیە عـەشق! تۆ لە کـوێی عـەشـقی، هەی شاگردی خەوالوو؟!

**(٤)**

تاقەتم بەسەرچووە.

تۆ هەر جارەی لە جەستەیەکەوە، لەقاڵبێکەوە، لەکـراسـێکەوە، لە خـاکـێکەوە، لە بەردەمما شین دەبی. تۆکـێی و کـامـەیانی؟ کـام جـەسـتـەو کـام خاکی؟

ووتت: من گروتیشکم من گەردو خاک نیم.

وتم: دەسا ئەی خاک! ڕێگەم بدە تێرتێر بۆن و بەرامەت هەڵبمژم، فووت پێتا بکەم تا تۆش گڕ دەگـری. تۆ منت خـسـتـەوە گـێـژاوەی چاوەڕوانی وامدەزانی ئیـتـر ئەوەیە بەس.. ئۆقـرەم بەر لەوە ئۆقرەم گرتبوو.

وامدەزانی ئیدی بەسمەو ئەمە دوایین مەنزڵە.

لێ تۆ لە چەندین قـاڵبەوە سەرهەڵدەدەی، مەکرو ئەفسـۆنت بەمن دەفـرۆشی.. قبووڵە.. گـیانە.. نازت ڕەوایە.. قــاڵبــەکــانی من ئاوا بوونە. ئەمەش لەرزۆکە هاکا (مەحو) بوو.

ئەزانم قـــەت پێکناگـــەین. ئەوەش قـــەدەری عەشقە، عەشقان پێکنەگەن، تا چاک بسووتێن و قـاڵ ببن. بتـوێنەوەو سـەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە. ئـازارێکی سـەخت و دژوارە. لێ ئەوەیە بەهای عـەشق. دەبێ باجی بدەم. من پارچەیە ئاسنم، خراوەتە کـوورەی ئاسنگەرەوە بە ئارەزووی خۆی دەمچەقێنێتەوە. تۆ ئاسنگەری.

ئەزانم ناگــەین. وادەمـــان «لەودیوە» لەلام چ گرنگە؟! لێرە پێبگەین، یا لەوێ؟

تۆ هێشـتـا لەمن بە گـومانی، من هۆشم نەماوە، نـازانم چۆنت دەبـینم، ئـایـا مـن لـە خـــــۆم گەیشتووم؟!

**(٥)**

تاقەتم لە دەسچووە، ماندووت کردووم.

هەر جارەی لە قالبێکەوە بۆم دەردەچی.. بۆ هەر قـاڕەیەک چوومـــە تۆ لەوێندەرێی، بە ڕەنگی سـپـی، ڕەش، زەرد، ئەسـمـــەر، باڵابەرز، نەشمیلە... قژ زەردی خاو، یا ڕەش ئاڵۆز.. بە چەندین زمان لەگەڵم دواوی، منی لاوازی کلۆڵ تەنیـا زمـانێک ئەزانم، ئەوەندەی پێـدەڵێم: خۆشـمـویسـتـووی، دە لە قـالبێک ئـارامبگرە، بگێرسەرەوە، تا پڕ بە ڕۆحی خۆم بتبینم.

لەوە زێدەتر تەپلی فـاشگەریم لێـمـەدە. فـاشم دەکەی؟

ناوم دەزڕێنێ؟! دە... فـاشنامـەکـە بنێـرە، تا بەدەستی خۆم بە دەرو دیواری شارانا هەڵیواسم... با هەر بەرەو دوا سوارم بکەن، باکم نەماوە.

**(١) فاش: ئاشکرا. فاشگۆیی: درکاندنی نهێنی.**